## فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی هەشتەم: لەبارەی کەفالەت وزەمانەوە

## الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثامن: في الكفالة والضمان

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

## لەبارەی کەفالەت وزەمانەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی کەفالەت وزەمانەوە چەند بابەتێکتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی کەفالەت، وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : بنەماکانی کەفالەت و مەرجەکانی، بابەتی سێهەم : هەندێك حوکمی پەیوەست بە کەفالەتەوە، بابەتی چوارەم: لە بارەی زەمانەوە .

**بابەتی یەکەم: پێناسەی کەفالەت وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی .**

1- **پێناسەی کەفالەت:** گرێبەستی پابەند بوونە، بەوەی ئەو کەسەی مافێکی دارایی خاوەن ماڵێکی بەسەرەوەیە لە مەجلیسی حوکمدا ئامادە بکرێت .

2- **بەڵگەکان لەسەر دروستی و مەشروعیەتی کەفالەت:** کەفالەت کارێکی دروست وڕێگا پێدراو و مەشروعە، بەبەڵگەی قورئان وسوننەت وکۆدەنگی زانایان .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالُواْ نَفۡقِدُ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾(1).

واتا: ووتیان کاسەی کێشانەو پێوانەکەی مەلیکمان لێ وون بووەو، وا دەزانین لای ئێوەیە، جا ئەوەی بیهێنێتەوە بۆمان، ئەوە باری حوشترێك زەخیرەی دەدرێتێ، وە یەکێك لە پیاوەکانی یوسف ووتی: من بەڵێنی ئەو بارە حوشترە زەخیرە دەگرمە ئەستۆی خۆم .

لێرەدا مەبەست لە ووشەی ( زعیم ) کەفیل وزامنە، هەروەها خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ سَلۡهُمۡ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴾ (2).

(1) سورەتی یوسف : ئایەتی : 72.
(2) سورەتی القلم : ئایەتی : 40 .

واتا : ئەی پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) پرسیاریان لێ بکە، بزانە کامیان زامنی ئەوەیە کە هەر شتێك ئەوان بڕوای پێ دەکەن، وابێت و بێتە دی؟ وە ئایا لەم بارەیەوە هیچ بەڵێن و پەیمانێکی خودایان بەدەستەوەیە؟

بەڵگەش لە سوننەت، ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :

{العارية مؤداة، والزعيم غارم، والدين مقضي } (1).

واتا: ئەو کەسەی کە کاڵایەکی لەکەسێك خواستووە دەبێت بیگەڕێنێتەوە بۆی، وە ئەو کەسەی بووە بە کەفیلی کەسێك بۆ گەڕاندنەوەی مافێك کەفیلەکە قەرزارە وبەرپرسە لەدانەوەی، وە ئەو کەسەی قەرزێکی لەسەرە دەبێت بیداتەوە .

لەم فەرموودەیەدا مەبەست لە ووشەی زەعیم کەفیلە، زەعامەتیش واتە کەفالەت (2).

هەروەها زانایانیش کۆدەنگن لەسەر دروستی کەفالەت، چونکە خەڵکی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار ومامەڵەکانیان پێویستیان پێیەتی، وە هەروەها بۆ دوور خستنەوە و لابردنی زیانیش لەسەر ئەو کەسەی قەرزاری کەسیکی ترە، بۆیە کەسێك دێت دەبێت بە کەفیلی ئەو قەرزارە بۆ ماوەیەك تاوەکو خاوەن قەرز مۆڵەتی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت قەرزەکەی بۆ جۆر بکات.

**بابەتی دووەم : بنەماکانی کەفالەت و مەرجەکانی .**

بنەماکانی کەفاەت پێنج بنەمان، کە بریتین لە: صیغە ودەستەواژەکەی، ئەو کەسەی دەبێت بە کەفیل، وە ئەو کەسەی کە کەفالەتی بۆ دەکرێت، وە ئەو کەسەی کە دەبێت بە کەفیلی، وە ئەو کاڵا یان ئەو قەرزەی کە کەفەلەتەکەی لەسەر دەکرێت.

دەستەواژە و صیغەی ئەم گرێبەستەش تەنها بە ڕەزامەندی کەفیلەکە دەبێت، بۆیە پێویستی بە ڕەزامەندی کەسی کەفالەت بۆ کراو ( خاوەن قەرزەکە ) نیە .

---

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3635) وە تیرموزی بە فەرموودەی ژمارە (1265)، ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانی ئەم فەرموودەی بە فەرموودەیەکی صەحیح داناواە، بڕوانە : السلسلة الصحيحة، فەرموودەی ژمارە (610).
(2) پەرتووکی : معالم السنن، (177/3).

سەبارەت بە کەفیلەکەش : دەبێت لەو کەسانە بێت کە شیاوی تەبەڕوع کردن وخۆبەخشی بێت، جا پیاو بێت یان ژن جیاوازی نیە، چونکە کەفالەت کردن لە گرێبەستە خۆبەخشەکانە و هیچ بریتی و پارەکەیەکی لە بەرامبەر وەرناگیرێت .

بۆیە شێت و مناڵ و کەسی کاڵفام، و ئەو کەسەیشی کە حیجر خراوەتە سەری لەگەڵ گێل و گەمژە کەفالەت وزەمانیان دروست نیە و دانامەزرێت، ناکرێت ببن بە کەفیل و زامنی هیچ کەسێك .

سەبارەت بەو کەسەیشی کە کەفالەت کراوە ڕەزامەندی مەرج نیە بۆ دامەزراندنی کەفالەتەکە، بە پێچەوانەی کەفیلەکەوە، کە ڕەزامەندی ئەو مەرجە بۆ ڕاست ودروستی و دامەزراندنی کەفالەتەکە .

سەبارەت بەو شتەیشی کە کەفالەتەکەی پێدەکرێت، پێدەچێت بە ماڵ وپارە و پوڵ ودارایی بێت، کە پێی دەوترێت زەمان، وە دەکرێت کەفالەت بە جەستە و نەفس بێت، کە پێی دەوترێت کەفالەت کردن بە جەستە و ڕووخسار .

**بابەتی سێهەم : هەندێک حوکمی پەیوەست بە کەفالەتەوە .**

1- کەفالەت کردن بە جەستەی هەموو مرۆڤێك دروستە، بۆ کەسێك کە مافێکی دارایی لەسەر بێت .

2- کەفالەت بە جەستەی ئەو کەسە دروست نیە کە حەدێکی شەرعی لەسەر بێت .

3- کەفالەت بە جەستەی ئەو کەسە دروست نیە کە قیصاص و تۆڵە سەندنەوەیەکی لەگەردندا بێت .

4- بە مردنی ئەو کەسەی کەفالەت کراوە وناتوانرێت ئامادە بکرێت لە مەجلیسی حومکدا، کەسی کەفیل ئەستۆی پاك دەبێتەوە لەو مافەی کەوتوەتە سەری .

5- ئەگەر هاتوو کەسی کەفالەتکراو، خاو و سستی ئەنواند، و ئەو مافەی لەسەری بوو لەکاتی دیاری کراودا نەیگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی، یان ئیفلاسی کرد و هیچ بەدەستەوە نەما، ئەو کاتە کەفیلەکەی دەبێت لەبری ئەو هەموو مافانەی لەسەریەتی بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

6- ئەو کەسەی دەبێتە کەفیلی کەسێك کە ئامادەی بکات، نابێتە بە زامنی ئەو مافەی لەسەر کەفالەت کراوەکەیە، چونکە کەفالەتەکەی کەفالەتی ناساندن و ئامادەکردنی کەفالەت کراوەکەیە .

7- کەفالەت کردن بە نەفس وجەستە دروستە، کە بریتیە لەوەی کەفیل پابەند بێت بە ئامادەکردنی کەسی کەفالەت کراو بۆ کەسی کەفالەت بۆ کراو، یان ئامادە کردنیەتی بۆ مەجلیسی حوکم، و هاوشێوەی ئەمانە .

**بابەتی چوارەم : لە بارەی زەمانەوە .**

**زەمان :** بریتیە لە پابەند بوون بە پێدانی ئەو مافەی کە لەسەر کەسێکی ترە، ئەگەر هاتوو ئەو کەسە لەکاتی خۆیدا مافەکەی نەگەڕاندنەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەمەیش کارێکی دروست وڕێگا پێدراوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی :

﴿قَالُواْ نَفۡقِدُ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ﴾(1) .

واتا: ووتیان کاسەی کێشانەو پێوانەکەی مەلیکمان لێ وون بووەو، وا دەزانین لای ئێوەیە، جا ئەوەی بیهێنێتەوە بۆمان، ئەوە باری حوشترێك زەخیرەی دەدرێتێ، وە یەکێك لە پیاوەکانی یوسف ووتی: من بەڵێنی ئەو بارە حوشترە زەخیرە دەگرمە ئەستۆی خۆم .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی : { الزعيم غارم } (2).

واتا : کەسی زامن دەبێت پابەند بێت بەدانەوەی ئەو مافەی لەسەر کەسی زامنکراوە ئەگەر ئەو مافەکەی نەگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی .

زانایانیش کۆدەنگن لەسەر دروستی زەمان، چونکە خەڵکی پێویستیان بەم جۆرە کارانە هەیە، وە دەچێتە چوار چێوەی ڕاپەڕاندنی پێداوستی و هاوکاری کردنی یەکتر، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی پێکردووە و خەڵکی بۆ هاندەدات .

(1) سورەتی یوسف : ئایەتی : 72.

(2) ئەبو داود  و تیرموذی ڕیوایەتیان کردووە، تیرموذیش ئەم فەرموودەی بە فەرمودەیەکی حەسەن داناوە .

### ئەحکامەکانی زەمان و مەرجەکانی :

1- دروست نیە هیچ بریتی و پارەیەك لە بەرامبەر زەمانەت کردندا وەربگیرێت، چونکە زەمانەت کردن لە ئیسلامدا لە گرێبەستە خۆبەخشەکانە .

2- دروستە زیاد لەکەسێك ببێتە زامنی مافێك کە لەسەر کەسێکی ترە، بۆیە دروستە دوو کەس وزیاتر ببن بە زامنی کەسێکی تر .

3- مەرج نیە ئەو کەسەی کە بووە بە زامنی کەسێکی تر ئەو کەسە بناسێت .

4- دروستە کەسێك ببێت بە زامنی شتێکی زانراو یان نەزانراویش ئەگەر هاتوو دەکرا دواتر بزانرێت، وەك ئەوەی کەسێك بڵێ : من زامنی ئەو شتەم کەلەسەر فلاّن کەسە، یان من زامنی ئەو شتەم کە داوتە بە فلاّن کەس، هەروەها دروستە کەسێك ببێت بە زامنی نرخی کالاّیەك ئەگەر دواتر دەرکەوت ئەو کالاّیە عەیبێکی تێدایە، یان دزراوە و موڵکی فرۆشیارەکەی نیە .

5- زەمانەت کردن دروست بە هەر لەفز ودەستەواژەیەك کە مانای زەمان بگەیەنێت، وەك ئەوەی بڵێت: من زامنم، یان کەفیلمی، یان من زەعیمی ئەوم، یان هەر دەستەواژەیەکی تری لەو شێوەیە .

6- ئەستۆی کەسی زامن پاك نابێتەوە، تا ئەو کاتەی کەسی زەمانەتکراو بەدانەوەی قەرزەکەی ئەستۆی پاك نەبێتەوە، جا بەگەڕاندنەوەی بێت کە ئەستۆی پاك دەبێتەوە، یان بە حوکمی قازی بێت کە فەرمانی پێکردبێت بە دانەوەی قەرزەکەی و ئەویش دابیەتیەوە .

7- ڕەزامەندی کەسی زامن مەرجی دروستی زەمانەتە، چونکە ئەگەر هاتوو زۆری لێکرا کە ڕازی بێت ئەو زەمانەتە سەحیح ودروست نیە، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندی کەسی زەمانەتکراو و کەسی زەمانت بۆ کراویش ڕەزامەندیان بەمەرج نەگیراوە بۆ سەحیحی و دروستی زەمانەت . هەروەها مەرجە ئەو کەسەی کە دەبێتە زامن، لەو کەسانە بێت کە تەصەڕوف کردن و هەڵسوکەوت کردنی دروست بێت، بەوەی بالّغ و ژیر و ڕەشید بێت .

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین زیاتر شارەزامان کات لە ئاینەکەی، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر چاووڕونی وبەصیرەت، هەنگاوەکانمان هەڵنێیین، ومامەڵە وپەرستن وعبادەتەکانمان ئەنجام بدەین، ئامین یارب العالمین] وەرگێڕ ...

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم